# دەبێ دادگایی کردنی صدامو سەرانی بەعس بکەینە دادگاییکردنی شۆڤێنێزمی عەرەبی

## گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار عارف مەسئولی کەمپینی دادگاییکردنی سەدامو سەرانی بەعس

**ئۆکتۆبەر:** ئامانج لە کەمپینی دادگایی کردنی صدام حسینو سەرانی بەعس چیە ؟

**ریبوارعارف:** ئامانجی ئەم کەمپینە دادگایی کردنی صدام حسینو سەرانی بەعسە بە شیوەیەکی روونو ئاشکرا, صدامو سەرانی بەعس, سەرانی رژێمیکی بەتەواوی مانا, فاشیستو دیکتاتۆر بوون 35 ساڵە ئەمانە لە ریگەی دەسەلاتی سەرکووتگەرانەوە بە زمانی ئاگرو ئاسن دژ بە خەلکی عیراقو کوردستان دەجولینەوە. بەعس بەناونیشانی رژێمیکی ناسیۆنالیستی عەرەب دەیان سالە سەدان هەزار ئینسانی کردووە بە قوربانی ئامانجە دژە ئینسانیەکانی خۆی, چەند دەهەیە سەدان هەزار ئینسان لەبەرەکانی شەر دەکەنە قووربانی ئامانجەکانی خۆیان، سەدان هەزار ئینسان بەهۆی سیاسەتی شۆفینیستانەی ئەنفال بێ سەروو شوێن کراوە، دەیان هەزار ئینسان بە بۆردوومانی کیمیاییو شەرو کوشتار لە کوردستان لە نێو بران,...... لە ووشەیەکدا سەرانی بەعس خاوەنی کارنامەیەکی رەشو دژی ئینسانین وە کەسانیك کە دەیان سالە دەستیان لە کوشتو کوشتاری خەلکیدا هەیە دادگایی بکرینو بە سزای توندی خۆیان بگەیەنرین.

دیارە نە ئەمریکاو نەئەنجوومەنی حوکم نایانەویت هەموو ئەو کەسانەی کە دەستیان هەبووەلە کووشتو کووشتاری خەلك دادگایی بکرین. نەك هەر ئەمە ئەوەتا ئەبینین کە لە سەرەتا بە بەهانەی پێویست بوونە تەکنیکیەکانو پرۆفیشنەکان دەروازەی ئیدارەکانیانو شوینی کاریان بە رووی کۆنە بەعسیەکاندا کردەوەو دواتر کەسانی وەك سەعدون حەمادی-یان ئازاد کردو ئەوەتا لەیەك دوو حەفتەی رابردوودا هەمان سووپای ئەنفالو کووشتو کوشتاری خەلکیان بە جلو بەرگەکانی خۆیانەوە هینایەوە سەرکارو تازە ئیستا بلاوکراوەو رۆژنامەکان باس لە ئەگەری ئازاد کردنی صدام-یش دەکەن ...

بۆیە ئەوەی ئیمە ئەمانەویت ئەوەیە کەنەك هەر سەرانی بەعس دادگایی بکەین بەلکو دادگای سەرانی بەعس بکەینە مەیدانی پەل کێشانی هەموو ناسیۆنالیزمی عەرەب بۆ بەردەم هەمان دادگایی کردن.

ئێمە دەمانەوێت ئەم دادگایی کردنە ببێتە دادگایی کردنی تێکڕای ئەو بیروباوەڕە ناسیۆنالیستیەی کە تا ئیستاکەش صدامو رژێمەکەی بە رەمزی جەسارەتو عەدالەت دەزانێ. ئیمە دەمانەویت کە جەماوەری خەلکی ستەمدیدەو زولم لێکراو مافی هەبیت لە دیاریکردنی چارەنووسی سەرانی رژێمیك کە 35 سالە ئیسكو پروسکیان دەهاڕێت.

دەبیت لە دادگایی کردنی صدامو سەرانی بەعسدا نوینەرانی حزبو لایەنەکان مافی بەشداری کردنیان هەبیتو قسەی خۆیان بکەن لەسەر تاوانەکانی بەعس, ئامانجی ئیمە لەم کەمپینەدا ئەوەیە نەك هەر هەموو سەرانی بەعس دادگایی بکرێن بەلکو دادگایی کردنی سەرانی بەعس بکریتە شانۆی ریسوا کردنی هەموو ناسیۆنالیزمی عەرەبو جاریکی تر هیچ حزبو لایەنیك جورئەتی ئەوە نەکات کە پێ بنێتەوە هەمان زۆنگاوی بەعسیەکانو دەبیت تەواوی بەعسیزم بەکارنامەی حزبو حکوومەتەکەی لە مێژوودا تۆمار بکریت وە یەکیك لە پیوانەکانی هەلسوورانی هەر حزبیکی سیاسی لە عیراقدا دەبیت بکریتە دوریو دژایەتیو هەلویست گرتن دژ بە بەعسو بەعسیزم و یاساو دابو نەریتو کارنامەیان.

**ئۆکتۆبەر:** دەکریت بە کورتی ئاماژەیەك بەکارەکانی تا ئیستاتان بکەی؟ چیتان ئەنجامداوەو کارەکانی کەمپینەکەتان بە کوێ گەیشتووە؟

**ریبوار عارف:** ئیمە بەر لەهەر شتیك بۆ جێخستنی کەمپینەکەمانو مسۆگەر کردنی ئامانجەکانی هاتین تۆریکی فراوانمان پیك هینا کەئیستا نزیکەی 80 کەس هاوکاری دەکاتو کاری تیدا دەکات. وەهەر لەریگای ئەم تۆرەوە تا ئیستا توانیومانە فۆرمی 50 هەزار ئیمزا بلاوبکەینەوە کە تا ئەمرۆ نزیکەی 15 هەزار ئیمزامان کۆکردۆتەوە.

هەروەها لە زیاتر لە 50 سەنتەرو بنکەی رۆشنبیریو دوکانو شوینی گشتی فۆرمی ئیمزا کۆکردنەوەمان داناوە. وە لەشاری سلیمانی زۆربەی رۆژەکان لەبەردەرکی سەرا مێز کتێبمان داناوە بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا. وەهەر لەم پەیوەندەدا دیداری ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی ناسراوی سیاسیو رۆشنبیریمان کردووەو چەندین ریکخراوو کۆرو کۆمەلمان بەسەر کردۆتەوە وگفتووگۆمان لە پەیوەند بەم کەمپینەو مەسەلەی هاوکاری کردنی ئەوان کردووە. تا ئیستا ژمارەیەك لە رادیۆو رۆژنامەکان چاوپیکەوتنیان لەگەلدا ساز داوین, خالێکی تر کە جیگەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە ئیمە کەمپینێکی مالیمان بۆ ئەنجامدانو بەرێ کردنی کارەکانی ئەم کەمپینە بەرپا کردووە، کە دیارە ئەنجامدانی کاریکی لەم چەشنە پیویستی بە ئیمکانیەتیکی زۆری ماددی هەیە, راکیشانی دەیان هەزار فۆرم، سەردانی شارو شارۆچکەکان، بوونی نووسینگە، بلاوکراوەو جۆرەها پیویستی تر لە گرەوی ئیمکانیاتیکی ماددی گەورەدایە .

بەلام ئەوەی کە جیگای هیواو خۆشحالێیەکی زۆرە شۆرو شەوقو بەدەمەوە هاتنی زۆر فراوانی خەلکی کوردستانەو پێشوازی کردنی بێ وێنەیانە لەم کەمپینە کە دلنیام هەر هەمان پیشوازی دینەمۆی بەدەست هینانی هەر جۆرە کۆمەكو هاوکارییەکی ماددیو مەعنەوییەو کارەکانمان ئایندەیەکی زۆر سەرکەوتووی لێ چاوەروان دەکریت.

**ئۆکتۆبەر:** بەرنامەکارو پرۆژەکانی ئایندەتان چیە؟

**ریبوار عارف:** هاوکات لەگەل درێژە پیدانی کارەکانی تا ئیستاماندا، گرنگترین مەسەلە سەرتاسەری کردنەوەی کەمپینەکەمانە بۆ سنووری هەموو ناوچەو شارو شارۆچکەو لادێکانی تری کوردستان. بەشیوەیەك کە سەدان هەزار ئیمزا کۆبکەینەوە تا لەریگەی ئەم بەشداری کردنەو هەلویست وەرگرتنەوە نەك هەر تەنیا دەنگی نارەزایەتی خۆمان دژ بە کارنامەی میژووی دەسەلاتداریەتی بەعس دەربرین، بەلکو لەریگەی دەخالەتو هەلویست نواندنی جەماوەری ملیۆنییەوە بە جیا لە پەلکێش کردنی هەموو ئەو بەعسیانەی کە دەوریان هەبووە لە کووشتو کوشتاری خەلکیدا بۆ بەردەم دادگاو سزادانیان، هاوکات دەبیت ناسیۆنالیزمی عەرەب کە چەند دەهەیە شانازی دەکات بە بوونی بەعسو سەرکردەکانییەوە ریسوا بکریت وە هەموو ئەو کارنامەیە دەبیت بکریتە پەلەیەکی نەنگین بە نیو چەوانی ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە، دەبیت ئەم ریسواییە بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەب تۆمار بکریت بە جۆریك کە جاریکی تر هیچ کەسو لایەنیك نەتوانیتو ڕووی نەیەت دەست بۆ هەلدانەوەی کارنامەی بەعس بەریت.

مەسەلەیەکی سەرەکی لە درێژە پیدانی کارەکانماندا بلاوکردنەوەو پڕ کردنەوەی فۆرمی شکاتنامە تایبەتیەکانە کە دەکریت هەموو ئەو کەسانەی کە شکاتیکی تایبەتییان لەسەرانو کاربەدەستانی بەعس هەیە واتە کەسانیك کە دەستیان هەیە لە کوشتو کوشتاری خەلکیدا راپیچی بەردەم دادگا بکرین. دیارە بۆ پڕکردنەوەی ئەم فۆرمە هەندیك تایبەتمەندی یاسایی لەبەر چاوگیراوە کە ئەویش لە جۆرو شیوازی پرسیارەکاندا ئاماژەیان پیّ کراوە.

خالیکی تر کە لەدرێژەی کارەکانی ئەم کەمپینەدا دەیەویت کاری زیاتری لەسەر بکریت هەولدانە بۆ دیدارو کۆبوونەوە لەگەلّ حزبو لایەنەکانداو هەلوێست نواندنی ئەوانە لەبارەی ئەم کەمپینەوە تالە ریگەی هاوکاری ئەو لایەنانەوە کەمپینەکە لە پیشوازییەکی ماددیو مەعنەوی زیاتر بەهرەمەند بیت. هاوکاری ئەو لایەنانەو هەنگاونانی عەمەلی بۆ دادگایی کردنی هەموو سەرانی بەعس مەسەلەیەکی جددی هەموو کۆمەلگاو خەلکی عیراقە بەکوردستانیشەوە.

جیگەی خۆیەتی هەر لەم بارەوە ئاماژەیەك بە دەوری پاریزەرانو هونەرمەندانو ئەدیبانو نوسەرانو رۆشنبیران بکەین. ئایا کاتیك کە زیاتر لە600 پارێزەری ناسیۆنالیستی عەرەب پاش دەستگیرکردنی صدام حسین دەنگ بەرز دەکەنەوەو دەبن بە موددەعی داکۆکی کردن لە صدامو لە ریگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە سەرنجی هەموو بیرووڕای گشتی جیهان بۆ ئەم مەسەلەیە رادەکێشن. ئەبوو ئەوسەدان پارێزەرە ئازادیخوازو پیشکەوتووخوازو بە پرانسیپو ئینسان دۆستانەی کوردستانو عیراق دژ بەو هەلویستە کۆنەپەرستانەی ئەو بەناو پارێزەرانە دەنگیان هەلبڕیبایەو ببونایەتە هیمای هەلویستیکی تاسەر مۆخو ئیسقان ئینسانی؟ ئەم کارە ئیستاش نەچووە بچیتو دەکریت هەموو ئەو پاریزەرانەی کە خۆیان لەسەنگەری ئازادیخوازیو داکۆکیکردن لەمافو ئازادییەکانی خەلکی ستەمدیدەو چەوساوەدا دەبیننەوە بەدەرکردنی راگەیاندنیکی هاوبەش دژ بەتاوانەکانی صدامو سەرانی بەعس سەدان پارێزەر ناوی خۆیان رابگەیەننو بەم هەلویستەیان خۆیان لە شانازی کردنیکی کەم وێنە بەهرەمەند بکەن.

کە هەر ئیستەش ئێمە لەریگەی ژمارەیەك لە پارێزەرانەوە کار بۆ ئەم مەبەستە دەکەین. وەك باسمان کرد هەلویست وەرگرتنی سەدان ئەدیبو هونەرمەندو نووسەرو کەسایەتی ناسراو دژ بە کارنامەی بەعسو سەرۆكو سەرانی حکوومەتەکەیان دەتوانیت هەلویستیکی جوامیرانەو دان شکێن بێت بۆ هەموو ئەو قەلەم بەدەستو سیاسەت مەدارانەی کە هەموو جیهان لە کوونە دەرزی قەوم پەرستیو فاشیزمی خۆیانەوە دەبیننەوەو بەم رۆژە زوورنای داکۆکیکردن لە بەعسو عرووبە لیّدەدەن. دیارە بواری کاروباری راگەیاندنو کۆرو سیمینارو پانێلّو هتد.. مەیدانیکی تری کاریگەرەو دەبیت گەشەی پیّ بدرێتو فراوان بکریتەوە هەر ئیستا لە 10 شارو شارۆچکەدا کاتی گرتنی کۆرو سیمینارمان دیاری کردووەو لەم بارەیەشەوە هەنگاوی گەورەمان لە بەرنامەدایە.

**ئۆکتۆبەر:** دەست بەکارکردنی کەمپینی دادگاییکردنی صدام حسینو سەرانی بەعس, ( ریبوار عارف)ی بە ئیمەو بە خەلکی کوردستان بەناویکی ترەوە ناساند, ئایا ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە رابردووی هەلسوورانی سیاسیتانەوە هەیە؟

**ریبوار عارف:** لە راستیدا من ناوی (ریبوار عارف )م لەسالی 1986 کە چوومە ناو رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئیران ( کۆمەلە) وەك ناویکی موستەعار بەکار هینا, خۆم ناوم ( بهادین حاجی بەکر دارتاش )ە کە لەسالی 1978-1979 لەناو ریزەکانی کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستان ولە ریکخستنەکانی ناوشاردا تا سالی 1981 کارم کردووەو پاشان چوومەتە دەرەوەو بوومەتە پیشمەرگە من بەتایبەت سەرەتای هەشتاکان چ بە هۆی کارو هەلسوورانی سیاسیمەوەو چ بەهۆی ئەوەی کە لەبواری شانۆدا کارم دەکرد, هەزاران کەسی خەلکی هەلەبجەو هەورامانو شارەزوور من بەناوی بەهادینەوە دەناسن بۆیە من لەم کەمپینەدا هەولمدا بۆ زیندوو کردنەوەو بەردەوام بوونی پەیوەندییەکانمو بۆ راپەراندنی کارەکانی ئەم کەمپینە جاریکی تر لە نیو خەلکی کوردستانداو بەناوی خۆمەوە درێژە بەکاری سیاسیم بدەم. لەهەمووشی گرنگتر من رابووردوی سیاسی خۆم بە شانازییەکی گەورە دەزانم هەر کەسو لایەنیك کە دوور تا نزیك منی ناسیوە ئاگاداری هەلویستی شۆرشگیرانەو خەباتکارانەی من بووە بۆیە بە پیویستم زانی کە جاریکی تر وەبیر خەلکی کوردستانی بهینمەوە کە ریبوار عارف کێیەو دەیەویت چی بکات؟